**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**سەرۆکایەتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان**

**برلمان كوردستان - العراق**
**رئاسة الديوان**
**مديرية شؤن البرلمان واللجان**

Kurdistan Parliament – Iraq

No: / /
Date: / /2019

ژمارە: ١١٠٦/ل ک/
بەروار: ١٦/ ١٠/ ٢٠١٩

**بۆ/ لیژنەی کاروباری یاسایی**

**بابەت/ پێشنیازی یاسا**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی پێشنیازی یاسای (**گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق**) کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئاراستەتان دەکەین، بە مەبەستی دیراسەت کردن و دەربڕینی راتان لە بارەیەوە بۆ ئامادەکردن و دانانی لە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وێنەیەك بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێزسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/کاروباری لیژنەکان.

**بديعه ٢٠١٩/١٠/١٥**

Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler

No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان – هەولێر

ژمارە:
بەروار: 2019/9/10

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/پێشنیازی یاسا**

**ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، پێشنیازی پرۆژە یاسای ( گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بڕیاری گونجاوی بۆ بدرێ.**

**لەگەڵ ڕێزدا.**

| ز | پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١ | عبدالستار مجيد | |
| ٢ | كاوە عبدالقادر حسن علی | |
| ٣ | گولستان سعيد محمد | |
| ٤ | شایان کاکە صالح | |
| ٥ | عثمان علی اسماعیل | |
| ٦ | جلال محمد امین | |
| ٧ | روپاك احمد محمد | |
| ٨ | سۆزان عومەر | |
| ٩ | ابوبكر محمد عبدالله | |
| ١٠ | بەدریە اسماعیل | |
| ١١ | مسلم عبدالله رؤوف | |
| ١٢ | هێلۆ احمد محمد | |
| ١٣ | سەرحیان احمد محمود | |

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

**پێشنیازی یاسای گەشە پێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (      ) ساڵی ٢٠١٩**

**ماددەی یەکەم:**

ئەو دەستەواژانەی لەخوارەوە هاتوون واتای بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق.

دووەم: حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: دامەزراوە: دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانی.

چوارەم: سەرۆك: سەرۆکی دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانی.

پێنجەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانی.

شەشەم: فەرمانگە: یەکەی ئیدارەی دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانیە لە سنووری هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان.

ئامانجەکانی یاسای گەشپێدانی خێزانی لە هەرێم:

١– پاراستن و گەشەپێدانی خێزانی کوردستانی.

٢– ڕێگری لە هەڵوەشانەوە و لێکترازانی خێزان.

٣– هاندانی خێزان بۆ وەچەخستنەوەیەکی تەندروست و بەرهەم هێن.

٤– ڕاهێنانی نێرو مێ لەسەر ژیانی هاوسەرگیری و ئامادەمکاری بۆی بەر لە چوونە ناو پرۆسەکە.

٥– هۆشیار کردنەوەی دایك وباوك بۆ پەروەردەیەکی تەندروستی منداڵ.

٦- بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری خێزانی و پتەو کردنی هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی تاك و کۆمەڵ بۆ پاراستنی خێزان و کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و هاندانی کاری خۆبەشی لەو بوارەدا.

٧- هاندان و پشتیوانی زانکۆکان و توێژەران بۆ ئامادەکردنی توێژینەوە لەسەر بابەتە خێزانیەکان لە هەرێم دا.

**ماددەی دووەم:**

یەك: دامەزراوەیەك دادەمەزرێت بەناوی(دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان) کەسایەتیەکی یاسایی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕی دەبێ، بۆی هەیە هەموو ڕەفتارە یاساییەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەنجام بدات.

دوو: دامەزراوە، سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی بریکاری وەزیر و گشت ماف و دەسەڵاتێکی بریکاری وەزیری دەبێت خۆی بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکان و سەرپەرشتی و چاودێری چالاکیەکانی و هەرشتێك، کە پەیوەندی بە ئەرك و فەرمانەکان و کاروبارەکانی دیکەی دامەزراوە هەبێت.

سێیەم: پێکهاتەی دامەزراوە بریتیە لە :

١- نوسینگەی سەرۆکی دامەزراوە.

٢- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی ودارایی.

٣- بەڕێوەبەرایەتی یاسایی.

٤- بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان.

٥- بەڕێوەبەرایەتی پلان وبەدواداچوون.

٦- بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی توانای مرۆیی و پاکێجی ڕاهێنان.

٧- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری دامەزراوە.

٨- فەرمانگەکانی دامەزراوە لە پارێزگاکان.

چوار: بارەگای دەستە لە هەولێری پایتەخت دەبێت و لە هەر پارێزگایەکی هەرێم دیکەی هەرێم فەرمانگەیەکی دەبێ ، هەر فەرمانگەیەك لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات.

پێنج: دامەزراوە بۆی هەیە لە کاتی پێویست، زیادکردنی چەند بەش وهۆبەیەك یان لێکدانیان بۆ ئەنجومەنی دامەزراوە بەرز دەکاتەوە بە پێشنیاز.

شەش: پێکهاتەی بەشەکانی دامەزراوە و فەرمانگەکانی لە پارێزگاکان ئەرك وفەرمان و دەسەلاَتیان بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت، کە لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراوە ئامادە دەکرێ و بە زۆرینەی دەنگ پەسەندی دەکەن.

حەوت: دامەزراوە کەشێکی لەبەر بۆ شیاندنی کچان و کوڕان بۆ پڕۆسەی هاوسەرگیری دەڕەخسێنێت بۆ هێنانەدی خێزانێکی هۆشیار و مەدەنی.

هەشت: ئامادە کردنی پلان وسیاسەتی گەشەپێدانی خێزانی و خستنە بەردەم ئەنجومەن بۆ پەسەند کردنی.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم:ئەنجومەنی دامەزراوەی گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمدا پێکدێت لە :

١- سەرۆکی دامەزراوە.

٢- بەڕێوەبەری بەشی یاسایی دامەزراوە.

٣- بەڕێوەبەری بەشی ڕاهێنانی دامەزراوە.

٤- بەڕێوەبەری پلاندانانی دامەزراوە.

٥- بەڕێوەبەری بەشی پەرەپێدانی مرۆیی وپاکێجی ڕاهێنانی دامەزراوە.

٦- بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن و هۆشیاری دامەزراوە.

٧- نوێنەرێکی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێم.

٨- نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

٩- نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی.

١٠- نوێنەری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

١١- وەزارەتی پەروەردە.

١٢- وەزارەتی خوێندنی باڵا.

١٣- دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم.

١٤- دوو شارەزای بواری خێزانی لە هەرێمی کوردستان بە پێشنیازی ئەنجومەن.

ئەم ئەنجومەنە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە فەرمانێك ئەندامەکانی پەسەند دەکرێن.

دووەم:

١- سەرۆکی دامەزراوە، سەرۆکی ئەنجومەنیش دەبێت، دەتوانێ داوا لەلایەنی پەیوەندیدار لە ڕێکخراو و کەرتی تایبەت ودامودەزگای حکومی پەیوەندیدار بکات بۆ بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجومەن تەنها بۆ ڕاوێژکردن و گۆڕینەوەی بیرورِا بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

٢- ئەنجومەن پەیڕەوی ناوخۆی دادەنێت، سەبارەت بە کۆبوونەوەی ئەنجومەن و دەرکردنی بڕیارەکان تیایدا.

٣- سەرۆکی ئەنجومەن دەبێت بەشداری خولێکی پێگەیاندنی ڕاوێژکار یان ڕاهێنەری خێزانی بکەن دوای دەست بەکاربوون لە کارەکەیان.

سێیەم: ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

١- دانانی ئەو سیاسەت و ستراتیژیانەی پەیوەنددارن بە بواری گەشەپێدانی خێزانی و چارەسەری کێشە خێزانیەکانی لە هەرێم.

٢- بۆی هەیە لەکاتی پێویست، چەند بەش وهۆبەیێك بێنێتە کایەوە یان لێکیان بدات یان لایان بدات، لەسەر پێشنیاری دامەزراوە یان فەرمانگەکان.

٣- پەسەند کردنی پلان وبەرنامەی دامەزراوە لە چوارچێوەی پلانی گشتی هەرێمدا.

٤- هەڵسەنگاندانی ڕاپۆرتی خولی ڕاپەڕاندنی کاروچالاکی فەرمانگەکان لە پارێزگاکاندا.

٥- پەسەند کردنی پڕۆژەی دارایی ساڵانەی دامەزراوە.

٦- دانانی سیستەمێك بۆ چاودێری و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی کارەکان لەسەر ئاستی دامەزراوە و فەرمانگەکانی دامەزراوە. ئەنجومەن هەرخۆشی ئەو کارە دەکات.

٧- پەسەند کردنی پەیڕەو و کارنامەکانی دامەزراوە.

٨- ساڵی دووجار ئەنجومەن ڕاپۆرتی تێروتەسەل لەسەر بارودۆخی خێزانی هەرێم بۆ ڕای گشتی دەخاتە ڕوو.

چوارەم: فەرمانگەکان

١- یەکەیەکی ئیدرای دامەزراوەیە لە سنووری هەر پارێزگایەك و جیهازی جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانی دامەزراوە.

٢- پێکهاتە و بەش وهۆبەکانی بەپێی پێویست، ئەنجومەن دیاری دەکات.

٣- ساڵانە پێشنیاز و ڕاسپاردەی خۆی بۆ ئەنجومەنی دامەزراوە بەرز دەکاتەوە بۆ چاککردن و گەشەپێدانی کاری دامەزراوە و فەرمانگەکان لە هەرێم.

**ماددەی چوارەم:**

یەك: دامەزراوە هەماهەنگی و پرۆژەی هاوبەشی دەبێت لەگەڵ ڕێکخراو و سەنتەر و ئەکادیمیاکانی بواری خزمەتی خێزانی لە هەرێم و جیهان.

دوو: دەبێت فەرمانگەکانی دامەزراوە ودادگاکان هەماهەنگیان هەبێت بۆ کارئاسانی لە جێبەجێ کردنی چالاکی فەرمانگەکان.

**ماددەی پێنجەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو کارو پرۆژانە پیادە دەکرێت، کە ئەنجومەنی دامەزراوە لە یەکێك لەو بوارانەی خوارەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدات.

یەکەم: چالاکی ڕۆشنبیری گشتی بۆ پێدانی ڕۆشنبیری خێزانی.

دووەم: پێگەیاندنی ڕاهێنەر وڕاوێژکاری خێزانی لە پارێزگاکان.

سێیەم: ئامادەکردنی پاکێجی ڕاهێنانی جۆراوجۆر لە بوارەکانی گەشەپێدانی خێزانی.

چوارەم: ئەنجامدانی ڕاپرسی و دەستنیشانکردنی کێشە خێزانیەکانی و کارکردن بۆ چارەسەر کردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرت.

پێنجەم: هاندان و پشتیوانی زانکۆکان و توێژەران بۆ ئامادەکردنی توێژینەوە لەسەر بابەتە خێزانیەکان لە هەرێم.

شەشەم: کردنەوەی خولی کورت و درێژخایەن بۆ ڕاهێنانی تاکی کۆمەڵگا لەهەردوو ڕەگەز بۆ هونەری مامەڵەکردن بۆ قۆناغەکانی ( دەستنیشانکردنی هاوسەری ژیان، ماوەی دوای مارەکردن وپێش ئاهەنگی بووک گواستنەوە، ژیانی نێو هاوسەرگیری، پەروەردەی منداڵ).

**ماددەی شەشەم:**

مەرجە ئەو کەسەی لە یەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکی دامەزراوە یان بەڕێوەبەری فەرمانگە دادەمەزرێت:

یەك: بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی هەبێت.

دوو: بەشداری خولێکی پێگەیاندنی ڕاوێژکار و ڕاهێنەری خێزانی هەبێت.

**ماددەی حەوتەم:**

سەرۆکی دامەزراوە بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی( مەعنەوی) ناوەوەو دەرەوەی هەرێم مۆر بکات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرك وفەرمانانەی پێیان دەسپێردرێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دامەزراوە، ماف وئەرکەکانیشیان لەلایەن سەرۆکی دامەزراوە دەسنیشان دەکرێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: پێویستە دادگاکان دوای ڕەزامەندی و پشتگیری فەرمانگەکانی دامەزراوە لە پارێزگاکان گرێبەستی هاوسەرگیری یان بۆ ئەنجام بدەن.

دووەم: خولەکانی دامەزراوە تەنها لەلایەن ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری خێزانی مۆڵەتدراوی دامەزراوە دەگوترێتەوە.

سێیەم: هەموو نێر و مێیەك بەر لە گرێبەستی هاوسەرگیری دەبێت بەشداری خولی ڕاهێنانی شیاندنی خێزانی بکەن و بڕوانامەی دەرچوون بەدەست بێنن.

چوارەم: هەموو دەرچوویێکی پەیمانگا وزانکۆ، کە مەرجەکانی دامەزراوەیان تێدا بێت، دەتوانن بەشداری خولی پێگەیاندنی ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری خێزانی دامەزراوە بکەن بۆ بوونە ڕاوێژکار یان ڕاهێنەری خێزانی بەڵام پشکی زۆر بۆ ئارەزوومەندان لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

پێنجەم: دەبێت ئەو زمانەی لە ڕاهێنانەکان بەکار دێت ١٠٠٪ی بەشدار بووان لێی تێبگەن.

شەشەم: ئاسانکاری پێویست بۆ خاوەن پێداوستی تایبەت دەکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

دامەزراوە بودجەیەکی هەیە لە بودجەی گشتی هەرێمدا و نابێت لە ١٪ کەمتر بێ.

**ماددەی دەیەم:**

ژمێرکاری دامەزراوە لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە ووردەکاری دەکرێت.

**ماددەی یازدەهەم:**

ئەو حالەتانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەکەوێتە بەر ئەو ڕێسا گشتیانەی لە یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار هاتوون، بەمەرجێك حوکمەکانی لەگەڵ حوکمی ئەم یاسایە پێچەوانە نەبن، لە کاتی ناکۆکی لە نێوانیاندا، حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن.

**ماددەی دوازدەهەم:**

سەرۆکی ئەنجومەن، کە سەرۆکی دامەزراوەشە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێزدەهەم:**

دەبێت ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چواردەهەم:**

ئەم یاسایە دوای دەرکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە (٣٠)ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**هۆی دەرکردنی ئەم یاسایە:**

بە ئامانجی دروستکردنی کەش وهەوایەکی هاندەری بونیاتنەر بۆ گەشەپێدانی خێزان لە هەرێمی کوردستانی عێراق وپاراستنی خێزانی کوردستانی لە لێکترازان و هەڵوەشانەوە، فەراهەمکردنی هاوکارییەکی کاریگەر لە پڕۆسەی بوژاندنەوە و بونیاتنانی خێزانێکی هۆشیار ومەدەنی و گەشەسەندوو وەکو یەکەی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر وپێشکەوتوو.